# داریۆش: مۆسیقای کوردی بە دەوڵەمەندترین م

**• *داریــۆش ئیقبالی یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکانی ئێران و ناوچەکە بە گشــتی، لە ڕێگای خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاتوو ڕۆژان توانیمان ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین کە بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.*•**

دیمانە/ خەلیل بلەیی




*** ڕێــڕەوی پێگەیشــتنی هونــەری داریۆش لــە دوێنێوە تــا ئەمڕۆ چۆن هەڵدەسەنگێنی، چ هۆکارگەلێك بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی نێوان ئێوە و سێ نەوەی هونەرمەندانی ئێرانی نەپچڕێت؟**

- لە ســەرەتاوە ئامانجەکانی من لەســەر مەرامی فرە فەرهەنگی و فرە سیاسی و فــرە ئایینی و فرە ئایدیۆلۆژیاوە بووە و هەر بەردەوامیــش بووە، لەو باوەڕەدام هیچ ئایدیۆلۆژیایەك ناتوانێت پەیوەندی مرۆڤەکان لێك داببڕێت و لەو باوەڕەدام هیچ هێزێك وەکو هێزی عەشق ئێمەی مرۆڤەکان بە یەوەکەوە نابەستێتەوە، هونەر پەیوەستە بە هەموو نەتەوەکانەوە و خۆیشــم پەیوەستم بە هەموو گەلەوە. هوشیار بوون و شەفافیەت لە بیرو باوەڕەکانی منن،لە کەشــوهەوایەکدا کە نەك تەنیا ترس لە دەربڕینی راســتی، بەڵکو ترس لە بیستنی راستی زیاتر حوکم دەکات، شیعر و مۆسیقا بۆ دارمانینی دیوارەکان دەتوانن کاریگەربن.

ئەو گەشــتەم لە دونیای هونەرەوە دەستپێکرد و ئەمڕۆکە لەسەر بناغەیەکی بێ سوود ئەو ڕێڕەوە پێگەیشــتنەم تێدەپەڕێنم و لەگەڵ پەیام بردن و تەواو کردنی چالاکییە هونەرییەکانم ســەرقاڵی دابین کردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانم هەوڵی من ئەوە بووە کە بە تەقلید لە مۆسیقا و گۆرانی و وێنەی رەنگدانەوەی راستییەکان لە بیرو بۆچوون و مێشــکی هاوولاتیانمدا دەربخەم، چونکە هوشیار بوون بناغەی هەر گۆڕانکارییەك و دەســتپێکی هــەر جولانەوەیەکــە بۆ ئــەوەی مرۆڤ پێشــکەوێت، لەم چەند ســاڵەدا کــە لــە چالاکییە هونەرییەکانمــدا تێدەپەڕێــت،



# ۆسیقا ناوچەییەکانی ئێران دادەنرێت



تەواوی هەوڵم ئەوە بووە کە لە ڕێگای هۆشیار کردنەوە و فێرکردن و ڕێگە گرتن لە تێکڕای زیانە کۆمەڵایەتییەکان هاووڵاتیانم بە ئاگا بهێنمەوە، ئەو زیانانەش بریتین لە گشت کێشە کۆمەڵایەتییەکان و دوورکەوتنەوە، لە کاتێکدا کە پەیام بردن بە توخمێکی ژیان لە قەڵەم دەدرێت لە هەمبەر ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانە، هەوڵم ئەوە بووە کە لە ڕێگای بیستن و بینینەوە چ لە ڕێگای پرۆگرامەکانی فێرکردنی تەلەفزیۆنییەوە چ لە ڕێگای ریکلام وسیمینارەکانی وشیار کردنەوە، کە بە هاووڵاتیانم بڵێم ئازارەکە لە ناخی خۆماندایە و چارەسەر کردنەکەشی هەر لە ناخماندایە.

کۆمەڵە خەڵکانێکی زۆر کە لەم چەند ساڵانەدا پەیوەندییان پێوە کردین و بە ناردنی پەیامی چارەسەر کردن، ئەوا تا رادەیەك ئومێد و ویستی ئیمەمانانی لە سەرانسەری دنیادا کردۆتەوە، ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموو بەربەستێك ڕێگایەکی کرانەوەشی هەیە، دەبێت ئەو کرانەوەیە لە هاووڵاتیانی خۆمانەوە فێر ببین، دەڵێن هونەر پەیژەیەکە لەسەر بانی راستییەکاندا بە مەرجێك کە ئەو پەیژە پشتی بە دیواری بیرو باوەڕەوە بەستبێت، بیرو باوەڕ بوون بە هێزی خۆشەویستی بە ڕاستەقینەیەتی میللەت بە توانادار بوونی تاك، یان باوەڕ بەوەی کە دەتوانرێت ڕێگایەك بدۆزرێتەوە یان ڕێگایەك دروست بکرێت کە هەر ئەوەش وای لێکردووم کە پێداگیری لەسەر ڕێگایەك بکەم کە لە دنیای هونەر و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانمدا ئەو ڕێگایەم دۆزییەوە، لەنێوان هاونیشتمانانمدا سەرم هەڵدا و هەوڵم ئەوە بووە کە وەك پەیامبەرێك دەنگی گەنجەکانی خۆم وەکو خۆی بگەیەنم.

*** خەڵکی کوردستان دەنگی ئێوەی زۆر پێخۆشە، بۆچی لە کاتی قەتلوعام کردنی خەڵکی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی هیچ هەڵوێستێك یان دەنگێکت لێ بەرز نەبۆوە؟**

- لەوانەیە ئێوە ئاگاداری دەرد و بەدبەختی من نەبووبن و مێژووی چالاکییەکانی من لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی کە لە تاراوگە نیشتەجێ بووم ئەوە دەردەخات کە من لە بارێکی گونجاودا نەبووم، یەکێك لە گۆرانییەکانم کە بۆ ئەو مەبەستە دامناوە بەناوی (کارەسات)ە کە بە مۆنتاژێکی جوان بە ڤیدیۆ کلیپ دیکیۆمینتەکانی قەتلوعامی هەڵەبجە دەردەخەن، لە بەشێك لەو گۆرانییەدا کە دەڵێت(بخەوە ئەی کۆرپەی شیرینم بخەوە ئەی کوژراوی زیندوو)، یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی ترم دەربڕی ئەو زیانە کۆمەڵایەتیانەیە کە بەر خۆشەویستەکانم کەوتووە، پارچە مۆسیقاییەکە بە شێوەی کلیپ کە لە ڕۆژنامەی واڵ ستریت جۆرناڵیش باسم لێکردووە.

هیچ گومانی تێدا نییە کە هەموومان شایەتی ئەو نەهامەتی و ئەشکەنجە و چەوسانەوەین کە ڕووبەڕووی میللەتی کورد هاتوون، هەروەها بوێری و ئازایەتی ئەو نەتەوەیە لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری دوژمنانی نواندیان، کە لە روانگەی جیهانەوە ئەم خەباتە ون نەبووە و ون نابێت، لە بیرمان نەچێت کە هونەر وەکو عیلم و مەعریفە سنوور نناسێت و یەکێکە لە سەرەکیترین ئەو هۆکارانەی کە تاکەکان و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەڵبەتە تا ئەو کاتەی ئامانجەکەی بەدی دێت، ئامانجی من هەمیشە دووبارە کردنەوەی راستیەکان و ئازار و ئەشکەنجەکانی مرۆڤە، من لەو باوەڕەدام هونەرێك کە ئامانجێکی هەبێت دەتوانێت بزاڤێکی جیهانی بەخۆوە بگرێت.

*** بۆچی ئێوە هونەرەکەتان وەکو چەکێك بەکار دەهێنن؟**

- کارنامەی چالاکییەکانی من تێکەڵێك لە هەست و ئامانجەکانم بووە، هەمیشە دەبێت





گۆرانییەك یان میلۆدییەكە كاریگـەری لەسـەر من نواندن بێـت و پەیامێكی شـاراوەی تێـدا بێـت، كارەكانـم هـەر كامیان بەجۆرێـك رەنگدانەوەی جـۆرە تێڕوانینێـك، هەستێك، كەسایەتییەك و ئامانجێكـە و هـەر كامیان هێڵی تایبەتی خۆیان هەیە، ٤٠ ساڵە كە ئەم رێڕەوە لەسەر ئامانجـەی خـۆی ماوەتەوە، پەیامی من پەیامێكی راستەقینە بـووە، هەریەكێـك لـەم بەرهەمانە بۆ مـن بیرەوەرییەكە و لەگـەڵ هەمـوو ئـەو بیرەوەریانەمـدا دەژیـم، گۆرانی گوتن بۆ من تەنیا گۆرانی نەبووە، بەڵكو ژیان بووە، هەناسە كێشان بووە، دیارییەك بووە كە وەكو رێز و حورمەتێك لە من نراوە، كە خۆم لە بەرامبەر ئەو بەرهەمانەدا بە بەرپرسیار دەزانـم، هـەر كـەس ئیلهام لـە هەلومەرج و ژینگـەی خـۆی وەردەگرێت و دەچێتە ژێـر كاریگەری ئەو هەلومەرجانـەوە، سـەردەمی منداڵیم زۆر بـە بەدبەختی بەسـەر برد، ئازار و ناخۆشـییەكی زۆرم لە سەردەمی منداڵییـەوە بینیوە، بۆیـەش گۆرانییەكانم تا رادەیەكی زۆر رەنگدانەوەی ئەو سەردەمە ناخۆش و پڕ نەهامەتیەی منن، ئاراسـتەی هونەرەكەم هەمیشـە بەرەو چالاكیە كۆمەڵایەتییەكانمدا بـووە و مۆسـیقا و گۆرانی بـە دەمارەكانی مرۆڤ دەشوبهێنم.



*** هەستتان سەبارەت بە زمان و فەرهەنگ و هونەری كوردسـتان چۆنە و بەڕای ئێوە تا چ رادەیەك مۆسـیقای فارسی و كوردی لێك نزیكن؟**

- زمانی كوردی لقێكە لە زمانە كۆنەكانی ئێران و هەمیشەش وەكو زمانی ناوچەیی خۆمان سەیری دەكەین و لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی كە لە سـنە ژیام و فەرهەنگی ئەو شارەم بۆ روون بۆوە، وام لێهات كەزیاتـر ئامەزرۆی نەتەوەی كورد بم، مۆسـیقای كوردی بە دەوڵەمەندترین مۆسیقا ناوچەییەكانی ئێران دادەنرێت و رۆڵێكی گرنگی لە ژیانی خەڵكی كوردستاندا هەبووە، مۆسـیقای كوردی بە هـۆی مێژوویەكەیەوە كەشوهەوایەكی بێ وێنەی تێدا بەدی دەكرێت كە دەربڕی ئازار و ناخۆشی و نەهامەتییەكانی ئەم میللەتە مەزڵومەیە، لە روانگەی فەرهەنگی و مێژووییەوە رۆڵی نەتەوەی كورد وەكو رەچەڵێكی بوێر و كوڕی كاوەی ئاسنگەر كە ئێرانییەكانی لە دەست زوحاك رزگار كرد و ئاڵای نیشتمانی دایە دەسـت فریدون، بـۆ هەمووومان لە تەك كەتیبەی (بێسـتوون ) و( تاقی بوستان) نەك تەنیا مایەی شانازییە بەڵكو پێوەندی مێژووی ئێمەشی پتەو كردووە و لە روانگەی هونەرییەوە لـەو باوەڕەدام كە هونەر دەبوایە بە ئاراسـتەی سـتایش و شـانازیكردنی بوێرییەكانی نەتەوە هۆزەكانەوە هەنگاو بهاوێژێت و بە شـێوەیەكی گشـتی تەنیا پەیوەسـت بە نەتەوەیەك نەبێت. هونەر سـنوور ناناسـێت و وابەستەی تێكڕای خەڵكانی جیهانە .

*** خەڵكـی كوردسـتان پێیـان خۆشـە گۆرانییەكـی تایبـەت بە زمانـی كوردی سـەبارەت بە ئازار و مەینەتییەكانی بچڕیت، ئایا ئەو گۆرانیە دەڵێن؟**

- من هەمیشە پێخۆش بوو پەیوەندییەكی نزیكم لەگەڵ گشت نەتەوەكانی دیكەی ئێراندا هەبێت، هیوادارم لە داهاتوود ئەم پەیوەندییە و ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێت، ئەو راستیە ئینكار ناكرێت كە نەتەوەی كـورد وەكو نەتەوەكانی تر خەباتێكی زۆریان لە دژی چەوسـانەوەدا كـردووە و هەر لـەو پێنـاوەدا قوربانییەكی زۆریشـیانداوە، هەمیشە لەو باوەڕەدا بووم كە بە گرووپ كار بكەم و لە بوارەكانی هونەری و كۆمەڵایەتیـدا بانگهێشـتی هاوكارانـم كردووە تا لەمەڕ گۆرانییەكانمدا رای خۆیان دەربڕن، هیوادارم لـە ئایندەیەكی نزیكدا بە هونەرمەندان و شاعیران و ئاوازدانەرانی كورد شاد ببم.

*** بیسـتوومانە بە نیازی بە زمانی عەرەبی گۆرانییەك بڵێیت؟**

- نەخێر ئەم هەواڵە راست نییە.

*** دەزانم كە ئێوە گرنگی بە شیعری تایبەت دەدەن، زیاتر سوود لە كام شاعیر وەردەگرن؟**

-پەیـام و نـاوەرۆك و جەوهەری شـیعر لوتكەی كارەكەمە، شـیعر دەتوانێت ئاوێنەی ئامانج و هیوای ئاواتەكان بێت، شیعر دەربڕی هێزێكی گـەورەی ناخی مرۆڤـە، ئەگەر لە دڵەوە هەڵبقوڵێت لەسـەر دڵ دەنیشـێت، شیعر زۆرتر لە بیرەوەرییەكاندا رۆڵی خۆی دەبینێت و ئاوازی مۆسیقا خێراتر لە سنوورەكان تێدەپەڕێت و دەتوانێت بزوێنەری كۆمەڵگا بێت، هەمیشـە هەوڵم ئـەوە بووە كە كەڵك لـە بەرهەمەكانی ئەو شـاعیرانە وەربگرم كـە زمانی مێژوویان دەربڕیـوە زیاتر كەڵكم لە شـیعرەكانی مەولانا و حافزی شـیرازی وەرگرتووە و بۆ دەوڵەمەند كردنی گۆرانییەكانیشـم كەڵكم لە شیعرەكانی ئەحمـەدی شـاملۆ و تورەجـی نیگەهبان و ئەردەلان سەرئەفراز و ئیرەج جەننەتی عەتایی و شەهیار قەنبەری وەرگرتووە.

*** دیـدو بۆچوونت بەرامبەر بەمۆسـیقای ئەمڕۆ چۆن دەبینی؟**

- نەوەی گەنجانی ئەمـڕۆ بەجۆرێكی تر روویان لە مۆسیقا و گۆرانی كردووە، ئەو نەوەیە بە هەست و داهێنانی خۆی بۆن و مەرامێكی دیكەی بە مۆسیقای ئەمڕۆ بەخشیوە، هەرچەندە ئاسۆی مۆسـیقای ئەمڕۆ هەر لە مۆسیقای ناوچەیی و كۆڵان و بازاڕەوە بگرە هەتا دەگاتە مۆسـیقای سـوننەتی و راپ، هەریەكێكیان جێـگای تایبەتی خۆیان لە كۆمەڵگادا داگیر كردووە، بازنەی مۆسـیقا لەسەرانسەری دنیادا هەمیشـە تووشـی گۆڕانكاری بووە، یەكێك لـە تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵـگای جیهانی ئەمـڕۆ نەبوونی سـنوورەكانی فەرهەنگی و هونەرەكەیەتـی كە ئینتەرنێت رۆڵێكی گرنگ لـەو روانگەیـەدا دەبینێت، دنیـا ئینتەرنێت هەلومەرجێكی رەخساندووە تا گۆڕانكارییەكان لە بواری هونەریدا بەخێرایی روودەن.

روون و ئاشـكرایە كە بەشێك لە مۆسیقای ئەمـڕۆ وەكـو مۆسـیقای ژێـر زەمینـی هەڵقوڵاوەی سانسۆر و راگرتن و كۆت و بەندە كۆمەڵایەتییەكانە.

*** ئێوە لە دوبەی چالاكی هونەریتان هەبووە، ئایـا لە داهاتـوودا لە كوردسـتان ئاهەنگ دەگێرن؟**

- ئەگەر بوارم بۆ برەخسـێ ئەو دەرفەتە لە دەست خۆم نادەم.

***چ پەیامێكتان بـۆ خەڵكی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی بۆ كورد هەیە؟**

-خەباتی سەد ساڵەی ئازادیخوازانەی خەڵكی كورد هەر بەردەوام دەبێت، هەمیشـە پرسیار لە خۆم دەكەم بۆچی كۆمەڵگاكانی ( رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) ئێمە لە پردی شارستانیەت و ئازادی تێپەڕ نابن، هۆكاری ئەو مەسەلەیەش زیاتر بۆ كێشە فەرهەنگییەكان دەگەڕێتەوە.

بـە كورتی ئێمـە دەبێـت بـەدوای ئەو رێكارانەدا بگەڕێین كە لێكمان نزیك دەكاتەوە و ئامانجەكانمان بەدی دەهێنێت.

## ئەو فیلمانەی  لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# فیلمی "دورگەی داخراو" پلەی یەکەمی ئەم هەفتەیەی بەدەست هێنا




فیلمی "Shutter Island" دورگەی داخراو، بەماوەی سێ رۆژ توانی لەرووی بە دەست هێنانی داهاتەوە ببێتە فیلمی یەکەمی هەفتە لە سینەماکانی ئەمەریکادا. ئەم فیلمە لەو ماوەیەدا زیاتر لە ٤٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێنا. فیلمەکە باس لە رووداوێکی راستەقینە دەکات کە بەسەر پۆلیسێکی پلەداری "F.B.I" ئەمەریکی لەسەدەی رابردوو لەساڵی ١٩٥٤زدا هاتووە. ئەم پۆلیسە تووشی نەخۆشییەك دەبێت، راست لەو کاتەدا بەفەرمانێکی میری دەکەوێتە دورگەی "ماساشوستس" و لەو دوورگەیەش هیچ نەخۆشخانەیەکی لێ نییە، تەنها نەخۆشخانەیەك نەبێ کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان (نەخۆشخانە). کە بۆ چارەسەری روو لەو نەخۆشخانەیە دەکات، بەبێ هیچ چەشنە پشکنینێك وەك شێتێك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و لەناو شێتەکان شوێنێکی بۆ دابین دەکەن، بۆیە هەوڵ دەدات چەندین رێگە بدۆزێتەوە کەوا رزگاری بێت لەو شوێنە یاخود تێیان بگەیەنێت کە شێت نییە و تەنها نەخۆشییەکی ئاسایی هەبووە، و بەهەڵە روویکردۆتە ئێرە، دواتر لەو شوێنە رزگاری دەبێت کەبۆ ئەو ببوو بە مۆتەکە. فیلمەکە لە دەرهێنانی "مارتن سکورسیزی"یە، ئەکتەر بەناوبانگی هۆلیۆد "لیوناردۆ کاپریۆ" لەگەڵ هەریەك لە ئەکتەران "مارك روفالۆ، و میشێل ولیامز" رۆڵی پاڵەوانێتی فیلمەکەیان دەگێرن. لیوناردۆ کاپریۆی تەمەن ٣٦ ساڵ، ئەکتەرێکی ئەمەریکییە، لەدایك و باوکێکی ئەوروپی، باوکی ئەڵمانییە و دایکیشی ئیتاڵییە، ئەم ناوەش دایکی بۆی هەڵبژاردووە، چونکە لەکاتی دووگیانیدا بە"لیۆناردۆ دافینشی" وێنەکێشی بەناوبانگی جیهانی زۆر سەرسام بووە، لیۆناردۆی ئەکتەر رۆڵی پاڵەوانێتی لە بەهێزترین فیلمەکاندا بینیوە، وەك فیلمی "تایتانیك" و فیلمی "فرۆکەوان" و لە فیلمی یەکەمدا خەڵاتی ئۆسکار و لە دووەمیش گۆڵدین گلۆبی پێبەخشراوە، ئەم دوو خەڵاتە گرنگترین خەڵاتن کە دەدرێنە ئەکتەرە سینەماییەکان.







ئەمەش لیستی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە، بەپێی ریزبەندی بەدەستهێنانی زۆرترین داهات:




1 - (٤٠،٢٠٠) Shutter Island ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٠،٢٠٠ ملیۆن$، بەیەك هەفتە، نرخی پلیت:$٨٠.

2 - (١٧،١٦٠) Valentine's Day ملیۆن$، کۆی داهات: ٨٧،٤٢٢ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشوو:١، نرخی پلیت:$٥٢.

3 - (١٦،١٠٠) Avatar ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٨٧،٨٢١ملیۆن$، بە١٠ هەفتە، پلەی پێشوو:٤.

4 - (١٥،٣٠٠) Percy Jackson and the Olympians: The Lightning Thief ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٨،٧٦٠ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٣، نرخی پلیت:$٩٥.




5 - (٩،٨٤٦) The Wolfman ملیۆن$، کۆی داهات: ٥٠،٣١٥ ملیۆن$، بە٢ هەفتە،پلەی پێشوو:٢، نرخی پلیت:$١٥٠.





6 - (٧،٣٠٠) Dear John ملیۆن$، کۆی داهات: ٦٥،٩٧١ ملیۆن$، بە٣ هەفتە، پلەی پێشوو:٥، نرخی پلیت:$٢٥.




7 - (٤،٥٠٠) Tooth Fairy ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٩،٨٦٧ ملیۆن$، بە٥ هەفتە، پلەی پێشوو:٦، نرخی پلیت:$٤٨.




8 - (٤،٠٠٠) Crazy Heart ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٥٨٥ ملیۆن$، بە١٠ هەفتە، پلەی پێشوو:٩، نرخی پلیت:$٧.




9 - (٢،٥٠٠) From Paris With Love ملیۆن$، کۆی داهات: ٢١،٢٠٠ ملیۆن$، بە٣ هەفتە،پلەی پێشوو:٧، نرخی پلیت:$٥٢.




10 - (٢،٢١٠) Edge of Darkness ملیۆن$، کۆی داهات: ٤٠،٣١٦ ملیۆن$، بە٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٨، نرخی پلیت$٨٠.

ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

## هونەرمەند قادر ئەسعەد:

# گلەییمان لە تیڤییەکان هەیە کە هەندێک کەسانی پسپۆر بەڕێوەی نابەن





*هونەرمەندی دەنگخۆش قادر ئەسـعەد، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە حەز لە نوێگەرایی دەکات، بەڵام نوێگەراییەك کە ببێتە هۆی پێشـکەوتنی هونەری کوردی و لایەنە پۆزەتیڤ و شاراوەکانی هونەری کوردی نیشان بدات و بیانهێنێتە بوون، بێ ئەوەی لەسەر حیسابی رەسەنایەتی هونەری کوردی بێ، واتـە دەیەوێ هونەرێکی کوردی نوێ لە هەمان کاتدا نەپچڕاو لە رەسەنایەتی بەرچاو بخات، ئەگەر سەیری بەرهەمەکانیشی بکەین هەر لە یەکەم بەرهەمەوە تا دوایین سیدی ئەمەمان بەروونی بەرچاو دەکەوێت.*

*بەم دواییە هونەرمەند قادر ئەسـعەد ناوی چووە نێو لیستی ئەو کەسانەی لە ویکپیدیای سویدیدا هەیە. سـەبارەت بەم بابەتە و چەند بابەتێکی دیکە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هونەرمەند قادر ئەسعەد کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.*

*** بەم دواییە ناوت چووە نێو ویکپیدیای سویدییەوە دەکرێ بۆ خوێنەران باسی ئەمە بکـەی، چۆن بوو؟ سروشـتی ویکپیدیای سویدی چۆنە؟**

- لە سەرەتا حەز دەکەم باس لەوە بکەم کە ماڵپەڕی وێکپیدیایی سویدی ماڵپەرێکی ئازادە بۆ زانیاری تۆمارکردن و بەخشین لە سەر هەر شتێک کە بوونی هەیە بەڵگەدارە دەچێتـە قالبی یاسـایی، کەواتە هەموو کەسێک ئازاد دەبێت لە تۆمارکرن . بەڵام کەی و چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدرێت؟

چەند کەسێکی پسپۆڕ لە بواری زانستی زانیارییـەکان پاش ئەوەیـی لە نێو تۆڕی ئینتەرنێـت و پەیوەندییـە چالاکییەکانی خۆیانـدا هەڵدەسـتن بـە ئەنجامدانـی ڕاپرسییەکان یان هەندێک جار لە ڕێگای زۆربەی ئـەو کلیکانەی کە ئاراسـتەی نێوەندێـک یـان کەسـایەتێک دەکرێت بـۆ گەڕان بـە دوایی دا لـە نێو جیهانی بەرفراونـی ئینتەرنێتدا بـۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەڵگەدار لە سـەریان بە شێوەێکی دروسـت دوور لە هەڵە، پاش دەستکەوتنی زانیارییەکان ناوی ئەو کەسە یان نێوەندەکە بە کۆی دەنگی ئەندامەکان تۆمار دەکرێت ئەوە وەکو بەشی یەکەم، بەڵام کە ناوەکان تۆمار کران کەوتنە نێـو ماڵپەڕی ناوبراو هەمـوو خەڵکێک ئازاد دەبێـت دەربارەیان یاداشتەکان تۆمار بکات، بەو مەرجەی لە قالبی یاسا دەرنەچێت، ئەگینا بە پێچەوانەوە کەسـی تۆمارکار لە کاتی تۆمارکردنی زانیاری هەڵە توشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت.

*** ئەم ساڵ جگە لە بەڕێزتان، ناوی کێ بۆ ویکپیدیای سویدی زیاد کراوە؟**

- ویکپیدیای سویدی سـاڵانە هەندێك ناو زیاد دەکات و دەیخاتە سـەر لیستی ئەو ناوانەی کە پێشـتر هەبوون، ئەویش دوای ئەوەی دەگەنە قەناعەت کە شـایەنی ئەوەن زیـاد بکرێن، بێگومان ئەم سـاڵیش چەند ناوێکی نوێ تۆمار کراون و جگە لە ناوی من ناوی هەندێک کەسی دیکە لە بواری سیاسـی و لە بواری راگەیاندن و هونەری تۆمار کراون.

*** پێشـتر ناوی هیـچ هونەرمەندێکی دیکەی کوردی هەبووە لەو ویکپیدیایە؟**

- بەڵـێ بێ گومان هەبـووە لە بواری هونـەری گۆرانی، لە هەر چوار پارچەی کوردسـتان ژمارەیان پێنج کەسـە، وەکو

زەکەریا، دیلبا، دارین.

*** ماوەیەك بەر لە ئێستا لە كوردستان بوویت و بە نیاز بوویت پڕۆژەیەكی هونەری ئەنجام بدەیت، پڕۆژەكەت بە كوێ گەیشت؟**

- بەڵێ زۆر ڕاستە من بۆ ماوەی شەش مانگ زیاتر لە كوردستان بووم نیازم وابوو پڕۆژەیەكی هونەری ئەنجام بدەم، ئێستاش لە بەرنامەم دایە كە ئەم پڕۆژانە بە ئەنجام بگەیێنم، بۆیە لە ماوەیەكی كەمدا دووبارە دەگەڕێمەوە نیشتمان.

*** ماوەیەك بوو گلەیی ئەوە دەكرا كە كەناڵی هونەری كوردی نییە، ئێستا ژمارەیەكی زۆر كەناڵی هونەری كوردی هەن، ئایا بەڕای تۆ ئەم كەناڵانە چی نوێیان پێشكەش بە هونەری كوردی كردووە؟**

- گلەیی ئێمە لەوە نەبووە كە كەناڵی تەلەفزیۆنی هونەری نییە، بەڵكو گلەییمان لەوە بووە كە خەڵكانێكی پسپۆڕ و شایستە لە بواری هونەری ئەم كەناڵانە بە ڕێوە نابەن. بەڵێ ڕاست دەكەیت كەناڵ زۆن، بەڵام من وەكو قادر ئەسعەد هێشتا گەشبین نیم لە بەڕێوەبردنییان لە بواری هونەری گۆرانی، زۆر ئەماتۆرانە كارەكانیان ئەنجام دەدەن، هیوادارم بەرەو باشتر برۆین.

*** ئەگەر ركابەرێتی هەبێت لەنێوان ئەم كەناڵانە، ئایا بە مەبەستی پێشخستنی هونەر كوردی بووە؟**

- گومان لەوەدا نییە ڕكابەری لە سەر ئاستێكی زانستانە خزمەت بە پێشكەوتن دەكات، بەڵام من ئەو ڕكابەریە نابینم وەكو پێویست، ئەگەر هەش بن ئەوە لە ئاستێكی نزم دان، چونكە كادیری تیقی دەبێت، لە بواری ڕاگەیاندندا شارەزاو شیاو بێت لە بواری كاری ڕۆژانەو روونتر بلێم لە بواری پڕاكتیدا خاوەن ئەزمون بن، دیارە هەندێك كەس هەنە، بەڵام ژمارەیان زۆر كەمە هەر هێندەش پێ ڕادەگەن.

*** ئێستا چی نوێت هەیە یاخود لەبەر دەستە بۆ ئەوەی پێشكەشی جەماوەری بكەیت؟**

-ئێستا سەرقاڵی ئامادەكردنی بەرهەمێكی نوێم، دەتوانم بڵێم نیوەی كارەكانیم تەواو كردووە كە پێكهاتووە لە ٩ تراك، حەز ناكەم بڵێم كەی تەواو دەبێت، بەڵام بۆ ساڵی ٢٠١٠ بڵاودەبێتەوە.

## ساندرا خۆشحاڵە بە خەڵاتی خراپترین ئەكتەر



خانمە ئەكتەری ناسراوی ئەمریكی ساندرا بولۆك خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە بەدەستهێنانی خەڵاتی (رازی) خراپترین ئەكتەری ئافرەت لە فیلمی (أول أباوت ستیف).

وەرگرتنی ئەم خەڵاتە هاوكات بوو لەگەڵ پاڵاوتنی ساندرا بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسكار وەك باشترین ئەكتەری ئافرەت لە فیلمی (بلایند ساید) ئەمەش دوو رووداوی تا رادەیەك سەیر و دژ بە یەكن.

ساندرا لە دیمانەیەكدا بۆ ماڵپەری "ئەبسۆلت ناو" گوتی: ئەمە بۆ من كارێكی زۆر باشە، پێویستە لەسەر ئەم شێوەیە بەردەوام بم بۆ ئەوەی بتوانم هاوسەنگییەك لەنێوان كارەكانی خۆمدا رابگرم، بۆیە ئامادەم خۆم بچم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی خراپترین ئەكتەری ئافرەت، بە پێچەوانەی ئەو كەسانەی بە دەستی دەهێنن كە كەسانی تر بە نوێنەرایەتی خۆیان دەنێرن بۆ وەرگرتنی خەڵاتەكە. پێموایە ئەگەر نەچم ئەوا جۆرێك لە دوو روویی دەنوێنم و نابێ دواتر بۆ بۆنە و یادە خۆشەكانیش بچم. ساندرا ئەوەشی نەشاردەوە كە گەورەترین گرفت لەبەردەمی ئەوەیە كە نازانێت بە چ جۆرە جلوبەرگێك بچێت بۆ ئەم ئاهەنگە.

## زەردەخەنەی كاترینا پلەی یەكەمی بەدەستهێنا



ساڵانە لە شاری مۆمبای وڵاتی هندستان پێشبڕكێیەكی فراوان بۆ هەڵبژاردنی خاوەن جوانترین زەردەخەنە ئەنجام دەدرێت، لە ساڵی رابردوو كچە ئەكتەری هیندی كاترینا كایف توانی نازناوی ئەم پێشبڕكێیە بەدەست بهێنێت.

ئەم ساڵیش هەرچەندە ژمارەیەكی زۆر لە كچە ئەكتەرە ناودارەكانی هیندستان بەشداربوون ئەوانەی بە جوانی بەناوبانگن وەكو بریانكا شۆبرا، فەریدا بینتۆ، لەیلا رووا‌س، كاترینا كاپور، و بیباشا باسۆ، لارا دۆتا و ئیشواریا رای و چەندانی دیكەش، بەڵام بەر لە دەستپێكردنی پێشبڕكێیەكە كاترینا پاڵێوراو بوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوەكە، ئەوە بوو لە كۆتاییدا توانی سەرنجی هەموو لایەك بۆ لای خۆی رابكێشێت و ببێتە خاوەنی نازناوی سەرنجڕاكێشترین ئافرەتی بۆلیۆد.